ڕێتەرز: ئاستی هەشداریی ئەمنی لە بنکەی سەربازی عودەید لە قەتەر کەمکرایەوە



ئاژانسی ڕێتەرز باویکردووە، ئاستی هەشداریی ئەمنی لە بنکەی ئاسمانیی "عودەید"ی ئەمریکی لە قەتەر کەمکرایەوە، ئۆش دوای ئۆیی دوونە ئاستکە بەرزکرابوونەوە و ڕێکارکان توندکرابون، لێگۆیشیدا داوا لە ژمارێك کارمەندی ئەمریکی کرابو ئۆو وڵاتە بجێبهێڵن.
سە سەرچاوەی ئاگادار ڕۆژی پێنجشەممە بە ڕێتەرزیان ڕاگەیاندوە، ئاستی هەشداریی ئەمنی لە بنکەی ئاسمانیی "عودەید"ی کەمکرایەوە، ئۆش دوای ئۆیی دوونە ئاستکە بەرزکرابوونەوە و ڕێکارکان توندکرابون.

یەکێك لە سەرچاوەکان ئاماژەی بۆکردوە کە ئۆو فڕۆکە ئەمریکییانەی دوونە چوارشەممە بنکەکەیان بجێهێشتووە، بە شۆیەکی پلەبەندی دیگەکەنەوە بە بنکەکە. لەکاتکدا بنکەی عودەید گەورەترین بنکەی ئەمریکایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیکەی 10 هەزار سەربازی تێدایە.

دو سەرچاوەکەی دیکە کە دو دیپلۆماتکار بون و مەرجی ئەویان هەبوە ناویان بڵاونەکرێتەوە، ڕایانگەیاندوە کە ڕێگە بە کارمەندانیش دراوتەوە بگەڕێنەوە کە دوونە چوارشەممە ئامۆژگاری کرابون

بنکەکە جێبهێڵن.

ڕۆژنامەی "نیویۆرک تایمز"ی ئەمریکی لە زاری بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکاوە باسیکردووە، وەزارەتی بەرگری (پێنتاگۆن) ڕۆژی چوارشەممە دەستیکردوە بە گواستنەوەی هێندێک لە کارمەندەکانی لە بنکەیە "بەهێزبونەوەی ئاستی گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران وەک دەرئەنجامی شاڵاوی حکومەتی ئێران دژی خۆپیشاندەران".

لێلایەکی دیکەوە، قەتەر لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا جەختیکردووە کە "گرتنبەری ئەم جۆرە هەڵوێستانە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو گرژییانەدایە کە ناوچەکە بەخۆیەوە دەبینێت".

ڕۆژی چوارشەممە، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەستیکردبو بە گواستنەوەی ژمارەیەک لە کارمەندە "نا-سەربەکییەکان" لە بنکەی عودەید؛ ئەم هەنگاوەش نیشاندەری هەڵکشانی گرژییەکان بو لەگەڵ ئێران، هاوکات لەگەڵ تاوتوێکردنی بژاردە سەربازییە ئەگەریەکان لەلایەن دەناڵد ترەمپی سەرکی ئەمریکاوە لەسەر پاشخانی خۆپیشاندانەکانی ناوخۆی ئێران.